مۆلیدە ئەهلییەکانی سلێمانی خشتەی کارپێکردنی ڕۆژانی جەژن و دوای جەژن ڕاگەیاند

سەرۆکی کۆمەڵەی مۆلیدە ئەهلییەکان لە سلێمانی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا خشتەی کارپێکردنی مۆلیدەکانی بۆ ڕۆژانی جەژن و دوای جەژن ڕاگەیاند.

بەگوێرەی خشتەکەش ڕۆژی عەرەفە لە کاتژمێر 10ی بەیانییەوە تاوەکو 1ی شەو کار بەمۆلیدەکان دەکرێت و یەکەم ڕۆژی جەژنیش لە کاتژمێر 5ی بەیانییەوە تاوەکو کاتژمێر 1ی شەو هەرکاتێک کارەبای نیشتمانی نەبێت کار بە مۆلیدەکان دەکەن، ڕۆژانی دووەم و سێیەم ڕۆژی جەژنیش لە کاتژمێر 10ی بەیانییەوە تاوەکو 1ی شەو کار بەمۆلیدەکان دەکرێت.

لە بارەی خشتەی کارپێکردنی مۆلیدەکان بۆ ڕۆژانی دوای جەژنیش، سەرۆکی کۆمەڵەی مۆلیدە ئەهلییەکان گوتی، لە کاتژمێر 6:30 خولەکی بەیانی تاوەکو کاتژمێر 8:00 کار بەمۆلیدەکان دەکەن و لە کاتژمێر 4ی ئێوارەشەوە بۆ کاتژمێر 1ی شەو کار بە مۆلیدەکان دەکەن.

لە بارەی کرێی کارەبای مۆلیدە ئەهلیەکانیشەوە، فازڵ حسەن، گوتی، لە 15ی مانگەوە پێشەکی بڕی 7 هەزار دینار بۆ هەر ئەمپێرێک لە هاونیشتمانیان وەردەگیرێت و دواتر قایمقامیەتی سلێمانی بەگوێرەی کاتژمێرەکانی کارکردن نرخی کۆتای دیاری دەکەن.